# پەلەبلقە.. دەجوڵێ

حەسەن مەحموود ڕەسوڵ

کات بەرە بەیانێکی پرشنگ دوور بو ، پشکۆکان هێشتا هەر دەیان جریواند ، خێرا لە ناوو نوێنەکەی دەرپەڕی ، هەر وەکو ئەوەی کە شتێك پێیەوە دابێت .. ! جووت دەرگا تەختەکەی حەوشە فرێیان دایە باوەشی شەقامەکەو ئەویش وەك شریتی فیلمی سینەما لە چاوەکانیا هەڵی ئەکردەوە ، سێبەرەکەی لە چاووی گڵۆپی دار تەلەکاندا ئەتواندەوە ، دەمی کۆڵانەکانی هەڵ ئەدڕی و لە وورگیانا وون ئەبو .... لەو سەرەوە لاشە تۆپیوی خانووە گڵەکانی جێ هێشت و ڕووبارە بێ دەنگ و کپەکەی دەرەوەی شاری گرتە باوەش ، لە کەناری ڕووبارەکە ڕاوەستا ... وورد وورد سوپای تاریکی خۆی ئەکشانەوە .

- سێڵاوی بیرکردنەوەی لە هەموو لایەکەوە شەپۆلیان ئەدا ، چاووی سوور هەڵگەڕابوو تروسکەی سەرکەوتنێکی نادیاری لێ دەباری ...

لەپڕ .. تفێکی لێکرد ، بە پانتایی لەپی دەستێك چەند بازنەیەك دروست بوون ... کۆرپەی بلقێکی سەوز لەبێشکەی سنگی ڕووبارەکەدا دروستبوو ...

- سینی خۆر لە چاوەکانیا زا ، قوڵپی گریانێکی برینـاوی و تۆڵە کردنەوەیەکی خوێناوی زمانی مێشکی پژان - .

قیژاندی بە سەریدا ... !

بجوڵێ ... با لەمە زیاتر بۆگەنی زەلکاوەکانت سیەکانم دانەڕزێنێ ، وا پێستەکەم خەریکە ببێتە کێڵگەیەکی زامو زام ببێتە دومەڵ و کێموزوون . ڕووبارەکە هێشتا هەر خامۆشە .. !

وورده گەڵای درەختەکانی ئەو بەر وەك کۆمەڵە پەپوولەیەکی ڕەنگین بە دەم شنەی کزە بایەکی هێمنەوە دەکەوتنە ناو ڕووبارە بێ گیانەکەوە .

(ئەو ڕووبارەی لە گەردیلەکانیدا ژیان نەبێت مانای مردووە ...) . ئای لە کلۆڵی ئەو زیندەوەرانەی لە کەناری ڕووبارێکی مردوودا دەژین .

- کۆرپەی بلقە سەوزەکە وورده وورده گەورە بو ، دەستی لێ ڕوا ، هەڵسایە سەر پێ ، پەلاماری دا ، گرتی ، تێی ئالا ، تێر ماچی کرد ، تێکەلاو بونیان خونچەی کۆمەڵە شەپۆ لێکی ناسکی پشکواند ، شەپۆلە ناسکەکان وورده بەردەکانی کەناری خۆیان ئەشۆردەوە ، ملیان بە کۆمەڵە لاسکێکی زەرد هەڵگەڕاو شۆڕ ئەکرد ، جێگەیان بە قەوزەکانی ناوەڕاستی ڕووبارەکە لێژ دەکرد .

دەستی لە دەستی کردەوە ، دوور کەوتەوە ، دوو سێ هەنگاو لێی دوور کەوتەوە ، دوای کەوت ، لێی نزیك بۆوە ، ئەو هەر لێی دوور ئەکەوتەوە ، دوورتر تادەکەوتە ژێر باری شەپۆلێکەوە ، شەپۆلی دووەم خێراتر خۆی گەیاندە ناو لە نەرمەکەو لە شێوەی چەخماخەدا نەعلەکانی سەرپێی فڕێدا ، کراسەکەی بە دوایدا دەرپێ و فانیلەکەشی ، بە ڕووتی دانیشت ، شەپۆلەکانی تر لە پاژنەی پێیدا ئەپلیشانەوە ، ئەتریقایەوە و بە کوڵ پێ ئەکەنی .

گوێی نە ئەدایە من ، تەماشام ئەکرد ، ئەو تەماشای نە ئەکردم . پاڵتۆ و کراس و دەرپێ و فانیلەکەی فڕێ داو بە ڕووتی دا بەزییە تەنکایی ڕووبارەکەوە ، لە سەر ئەژنۆ دانیشت ، چوار مەشقی ...

هەڵئەسا ... دائەنیشتەوە ... ئەی ڕووبار چیت پێ بڵێم ؟ نە قسە کارت تێ ئەکات ... نەکردار خۆت بە خۆت بیت ... هیچ و پووچ ... تف لە چارەت ... خۆت بێ جولەو بێ دەنگ دەکەیت ... ئەگەر بهاتایە شەپۆلەکانت ئەو ڕووەکە زەردوو رزیوانەی کەنارتی هەڵبکەندایەو پاراوی گوڵاڵەو وەنەوشەکانی بکردایە ، ئەگەر گوێت بە جوێنەکانی من بدایە ، ئەلبەتە دەگۆڕایت و هاژەت وەك مۆسیقایەکی بە سۆز سەمای بە دڵ و دەروونمان دەکرد .

- بجوڵێ ... تەکانێ بدە ... بۆ وەڵامت نییە ؟ بجوڵێ با زامەکانی پێستەکەم ساڕێژ بن ... با سیەکانم دانەڕزێت . دەبجوڵێ ... بۆ بیرت نایە جاران پرچی خۆرت ئەهۆنیەوە ؟ شەپۆلە ناسك و نازدارەکە خۆی لوول داو ڕانە سپییەکانی لە وورده بەردەکان توند ئەکرد ، ... بەرەو ڕووی ڕۆیشتم ، لە ڕایەخی لما لێوەکانیم ماچ کرد ، . من ماسیم ویست ... ئەو قرژاڵ و مار ماسی لێبوو ، پێچبخۆ و تورە ببە ، مار ماسی و قرژاڵەکان بخنکێنە ... من ماسیم دەوێ لێت ... ماسی .

ئەگەر خەڵاتی ماسیم نەدەیتێ دەست دەنێمە بینە قاقاتەوە یان دەچمە منداڵدانتەوە ، دەبێت دووبارە بزێیتەوە ، پەلە بکە واز لەم خەوە بێنە بجوڵێ ، ماسیم دەوێ ... ماسی دەوێ ... ماسیمان دەوێ ... ماسی ... !